حکومەتی هەرێمی کوردستان- عێراق
وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو
ب. گ. تـــــوێژینەوە و سەرچاوەکانی ئاو

# گواستنەوە و هەڵگرتن و لەناوبردنی بکوژە کیمیاییەکانی لە بواری کشتوکاڵدا بەکاردێن




سەدرەدین نورەدین ئەبوبکر    شێرکۆ فاتح أمین

حكومەتی هەرێمی كوردستان
وەزارەتی كشتوكاڵ و سەرچاوەكانی ئاو
ب.گ. تۆژینەوە و رێنمایی كشتوكاڵ

# گواستنەوە و هەڵگرتن و لەناوبردنی بكوژە كیمیاییەكانی لە بواری كشتوكاڵدا بەكاردێن

ئامـــــادەكــــــردنی

سەدرەدین نورەدین ئەبوبەكر
ئەندازیار و شارەزای كشتوكاڵ
ب. تۆژینەوەی كشتوكاڵ- هەولێر

شێركۆ ئەمین فاتح
ئەندازیاری كشتوكاڵ
ب. تۆژینەوەی كشتوكاڵ- هەولێر

هەولێر ٢٠١٣

ناوی پەرتووک: گواستنەوە و هەڵگرتن و لەناوبرد بکوژە کیمیاییەکانی لە بواری کشتوکاڵدا بەکاردێن

ئامادەکردنی: صدرالدین نورالدین ابوبکر

شێرکـــــــــۆ ئەمین فاتح

بەرگ: سام صدرالدین نورالدین

پیتچنی: ئامادەکاران

زمانـــەوانی، هەڵـــسەنگاندنی زانستی، هەڵەگری، نەخشەسازی ناوەرۆك، بەرگ : صدرالدین نورالدین ابوبکر شارەزای کشتوکال

ژمارەی سپاردن:

تیراژ:

چاپکردنی: وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو

ب.گ. تۆژینەوەو رێنمایی کشتوکاڵ، هەولێر

چاپخانەی :

# ناوەرۆك


| بابەت | لاپەرە |
|---|---|
| پێشەکی:.......................................................................... | ٥ |
| دامەزراندنی کۆگەی قڕکەرە کیمیاییەکان: ........................................ | ٧ |
| لەکاتی دامەزراندن و بنیادنانی کۆگەی قڕکەرانی کیمایی، ڕەچاوی ئەم ............. | ٧ |
| أ – دیارکردنی جێگە. ............................................ | 7 |
| ب – نەخشە و پێکهاتەی کۆگەی قڕکەرە کیمیاییەکان................................. | 9 |
| لە کاتی بنیادنانی کۆگەدا ئەم خالأنەی خوارەوە ڕەچاودەکرێت:...................... | 13 |
| نیشانەکانی ئاگادارکردنەوە : .............................................. | 17 |
| ئەم مژاد و کەلوپەلانەی بۆ بارودۆخی لەناکاو لە کۆگەدا دابین دەکرێت:............ | 19 |
| چۆنییەتی هەلگرتنی مژادی قڕکەرەکان: ........................................ | 21 |
| هەلگرتنی مژادە بەردەستەکان لە کۆگەدا:.............................. | 21 |
| خشتەی ژمارە (١): ئەوپەڕی بەرزی گونجاو بۆ ریزکردن................................. | 23 |
| ماوەی (تەمەنی) هەلگرتنی قڕکەران: ........................................ | 25 |
| بە دوو ڕێگە ، گۆڕانکاری لە قڕکەری کیمیایی ناو قوتوو ڕوودەدات:................. | 25 |
| پەیوەندی تەمەنی بکوژەکان بە هاوردەکردن و هەلگرتنیانەوە: ........................ | 26 |
| هەلگرتنی قڕکەرە ماوە بەسەرچووەکان:.................................................. | 28 |
| لەناوبردنی قڕکەرە ماوە بەسەرچووەکان:.............................................. | 28 |

هەڵگرتن و چاودێریکردن:........................................................................ 29

سیستەمەکانی تۆمارکردن: ........................................................................ 31

جۆرەکانی کۆگە بە پێی قەوارەکانیان:............................................................ 31

نمونەی لستی زانیارییەکانی کۆگەی قڕکەرە کیمابیەکان.................................. 34

خشتەی زانیاری و تێبینییەکانی لە کاتی پشکنینی کۆگەی.............................. 36

زانیاری گشتی دەربارەی......................................................................... 35

لەناوبردنی قڕکەرەکان:.......................................................................... 37

گواستنەوەی قڕکەرەکان: ........................................................................ 37

پشکنینی راستەوخۆی مژادەکانی دەگەنە کۆگە................................................ 41

قڕکەری ڕژاو: ..................................................................................... 41

قڕکەری دزەکردوو:.............................................................................. 42

خاوێنکردنەوەو لابردنی پیسبوون بە ژەهرەکان: ................................................ 44

خاوێن کردەنوەی کۆگە و کەلو پەلەکانی:...................................................... 46

بارودۆخە سەرەکییە لەناکاوەکان: ئاگرکەوتنەوە:.............................................. 47

خۆپارێزی.......................................................................................... 48

لابردنی ژەهر لە سەر جەستەی کارمەندان وفریاکەوتنی:.................................... ٤٩

لەناوبردنی دەفری مژادە قڕکەرەکان: ........................................................... ٥٤

لەناوبردنی قڕکەرە بەسەرچووەکان:............................................................. ٥٨

## پێشەکی:

بڕێکـــی زۆر قڕکـــەری کیمیـــایی بـــۆ لـــەناوبردنی دەردە کشـــتووکاڵییە جۆراوجۆرەکـــان بـــەکار دێـــت، لەوانـــە: مێرووکـــوژ Insecticides, کـــەڕووکوژ Fungicides, بژارکوژ Herbicides، قڕکـەری کرمەمارانییـەکان Nematicides کرتێنـــەرکوژەکان Rodenticides و... ســـەرەڕای بـــەکارهێنانی بکـــوژانی زیندەوەرانی گوێزەرەوەی نەخۆشییەکان.

بە پێی خەملاندنی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی لـە سـاڵی (١٩٨٦)ەوە، ساڵانە زیاتر لە یەك ملیۆن کەس تەنها بە مێرووکوژەکان ژەهراوی دەبـن. (٢٠) هەزاریان لە ئەنجامی نەبوونی هۆشیاری دەربـارەی چـۆنییەتی بـەکاربردنی ئـەم مژادانە دەمرن.

ڕێکخـراوای تەندروسـتی جیهـانی، مـژادە قڕکـەرەکان بـە گـوێرەی بـڕی بکوژییانەوە لە ڕێگەی کۆئەندامی هەرس و پێستەوە پـۆلێنکردووە، لـە میـانی ئەو پێوانەیەی کە پێـی دەگوترێـت (LD 50) Lethal Dose 50% ((بـڕی بکوژ، بۆ کوشتنی ٥٠٪ ژمارەی زیندەوەرەکانی لە تاقیکردنەوەی ئەزمونگەییدا بـەکاردێن، بـە هـەژمارکردنی بـڕی مـژادی کاریگـەر بـە ملیگـرام بـۆ هـەر کیلۆگرامێك لە کێشی زندوو گیانلەبەرەکە، بە زۆری تاقیکردنەوەکـە لـە سـەر مشك و کەرویشك ئەنجام دەدرێت. بکوژەکـان بـە پێـی پلـەی ژەهرایـەتیان بـۆ کرتێنەرەکان (LD50) ملگم مژادی کـارا، (مـژادی ڕەق و شـل) لـە ڕێگـەی

دەمەوە یا پێستەوە ⁄ کگم کێشی زیندەوەران دەکرێنە چوار پۆل:

قڕکەرە هەرە ترسناکەکان Extremely Hazardous • پۆلی IA: (5 < 20>)

•پۆلی IB: قڕکەرە زۆر ترسناکەکان Highly Hazardous - (21 < 200>)

•پۆلی II: نیمچە ترسناکەکان Moderately Hazardous - (201 < 500>)

•پۆلی III: کەم ترسناکەکان Slightly Hazardous ( 501< 2000<)

•پۆلی کۆتایی: نا ترسناکەکان Unlikely to be Hazardous( 2001<3000<)




لەکاتی هەڵگرتنی مـژادە قڕکـەرەکان لـە کۆگـەدا هەڵومـەرجی دروسـت ڕەچـاوناکرێت. ئەمـەیش چـەندین گـرفتی ترسـناك بـۆ تەندروسـتی مـرۆڤ، و گانلەبەران و ژینگە دەنێتەوە.

بە لەبەرچاو گرتنی مەترسییە نادیارەکانی ئەم مژادە کیمیاییانە، لە میانی زانیارییەکانی ناو ئەم نامیلکەیەو سەرچـاەکانی دیکـەش کـە بـاس لـەگرنگی

چـۆنیەتی هـەڵگرتنی قڕکـەرە کیمیاییـەکان لـە کۆگـەدا دەکـات. لـە گـەڵ بەرزەوتکردنی بارودۆخی ناو کۆگە بە شێوازی گونجاو، بـە گرتنەبـەری ڕێـیّ و شوێنی پێویست و هەڵسـوکەوتی لـە بـار لـە کـاتی گواسـتنەوەی ئـەم مـژادە ترسناکانەدا.

## دامەزراندنی کۆگەی قڕکەرە کیمیاییەکان:

### لەکاتی دامەزراندن و بنیادنانی کۆگەی قڕکەرانی کیمایی، ڕەچاوی ئـەم مەرجانەی خوارەوە دەکرێت:

#### أ – دیارکردنی جێگە.

١- پێویستە جێگاکە دووربێت لە شوێنی نیشـتەجێ بـوون و نەخۆشـخانە و قوتابخانە و بازاری فرۆشـتنی خواردەمـەنی و کۆگـەی ئـالیکی ئـاژەڵان و شـوێنە گشتییەکان و ڕووبار و سەرچاوە و پرۆژە ئاوییەکان. بۆ ئەوەی لە ئەنجامی دزەکرنی ئەم مژادە قڕکەرانە ژەهراوی بوون ڕوونەدات. نوێترین نموونەش لەم بوارەدا ژەهراوی بوونی ڕووبارێکی وڵاتی چینە لـە کـانووتی یەکـەمی/ ٢٠١٢، کـە بـەهۆی دزەکردنی مژادی کیمیاییەوە بۆ ناو ڕووبارەکەوە ژیانی سێ ملیۆن کەسی خسـتۆتە مەترسیەکی ترسناکەوە.

٢- نابیّ کۆگەکان لەو شوێنانە بنیاد بندرێن کە ئاسـتی ئـاوی ژێـر زەویـان بەرزە، هەروەها نابیّ لەو جێگایانەش بێت کە سێلاو دەیانگرێتەوە.

٣- دەبیّ ئامرازەکانی گواستنەوە و ئاگرکوژێنـەوە بـە ئاسـانی بیگـاتیّ، بـە

**تایبەتی بۆ کۆنترۆڵکردنی ئاگرکەوتنەوەی لە ناکاو.**

**٤- کۆگەکان زۆر لە یەکدی نزیك نەبن**




شوێن و ماوەی نێوان  کۆگەکان لە وێنەکە دەردەکەوێت

## ب – نەخشە و پێکهاتەی کۆگەی قڕکەرە کیمیاییەکان




وێنەی  نەخشەی کۆگەیەکی نموونەیی

**له كاتی  دانانی وەخشەو دامەزراندنی كۆگە ڕەچاوی ئەم خاڵانەی خوارەوە دەكرێت:**

- فراوانی كۆگەكە بەوئەندازەیەبێت كە جێگەی تەواوی ئەو مژادانەی تێدا ببێتەوە كە لەپلاندا هەن، وێڕای تەرخانكردنی ١٥% ڕووبەری كۆگە بۆ گواستنەوەی كەلوپەلەكان و پێداویستییەكان لە داهاتوودا. بەم شێوەیە پێویستە ڕووبەری گونجاو بۆ دابەشكردن و دووبارە لە قوتوونانەوە و دەفرە بەتاڵەكان دابین بكرێت.

- دانانی سیستەمی هەواگۆڕكێی گونجاو لە كۆگەكاندا، بەمەبەستی ڕێگەگرتن لە پەنگانەوە و قەتیسبوونی هەڵمی مژادە كیمیاییەكان و بەرزبوونەوەی پلەی گەرمی بە تایبەتی لە ناوچە گەرمەكاندا كە بە ڕۆژ، بە تایبەتیش لە وەرزی هاویندا پلەی گەرمیان زۆر بەرز دەبێتەوە. دابینكردنی سیستەمی هەواگۆڕكێی باش، بۆ شوێنی دابەشكردن و كردنەوە دەفر. دەبێت لە دەروازەی كۆگاوە دووربێت و بە شێوەیەكی باشیش دابخرێت. گەرمكردن و فێنككردنەوەی بە ئاگر نەبێت.

- دەرچەی هەواگۆڕكێ ڕاستەوخۆ بچێتە دەرەوە، بێ ئەوەی بەژوور و باڵەخانەی دیكەدا تێپەڕێت.










- دەبێ ژێرەوەی کۆگە بە چینێکی کۆنکریتی سفت و لووس دروستبکرێت، تاوەکو رێگە بە مژین و دەلاَندن و دزەکردنی مژادی رژاو نەدات و بە ئاسانیش خاوێن بکرێتەوە.



- کەمترین جێگۆرکێ بەدەفرەکان بکرێت تا نەشکێن، ناوەرۆکیان نەرژێت.
- ژووری بەرێوەبەر تارادەیەك دوور بێت لە کۆگەی قرکەرە کیمیاییەکان.




• دابینکردنی جێگەی تایبەت بـۆ خۆشـۆرین و هـەڵگرتنی جـل و بـەرگی پاراستن. دەرمانخانەی گونجاو.



• دابین کردنی جێگە بۆ هەڵگرتنی قوتووە بە تاڵەکان و مژادە بەسەرچووەکان تا ئەو کاتەی لەناو دەبرێن.

• جێگەی تایبەت بۆ هەر جۆرە قڕکەرێك لە کۆگەدا بە جیا ئامادە دەکرێت، بە تایبەتی بۆ بژارکوژەکان. بۆ ئـەوەی بـە ئاسـانی بتوانـدرێت هـەر کۆمەڵـە قڕکەرێك بە گوێرەی ترسناکیان و وەرزی بەکارهێنانیان بە جیا ڕێك بخرێـت، بـۆ تێکەڵ نەبوونیان، یان پیسبوون لە نێوان ئەو قڕکەرانەی ڕادەی ژەهرێتیان کەمە لەگەڵ ئەوانەی ژەهرایەتیان زۆرە.

## لە کاتی بنیادنانی کۆگەدا ئەم خاڵانەی خوارەوە ڕەچاودەکرێت:

- بنمیچی کۆگە لە مـژادی سـووکی وەك مـژادە ریشـاڵە شووشـەییەکان درووست بکرێت، بۆ ئەوەی لە کاتی ئاگرکەوتنەوەدا بـە ئاسـانی بڕوخێنـدرێت، تاوەکو هەڵم و دووکەڵی مژادە قرکەرەکان بـە ئاسـانی بچـنەدەرەوە و تەقینـەوە ڕوونەدات، نابێ لە مژادەی زۆر سووکیش درووسـت بکرێـت بـۆ ئـەوەی رەشـەبا نەیبات بە ئاسماندا.
- دیواری کۆگە لووس بێت، درزو کەلەبـەری تێدانـەبێ، تـاکو بـە ئاسـانی خاوێن بکرێتەوە.
- لە دەرەوەی دیواری کۆگەدا جۆگە هەبێ، بۆ ڕشـتنی مـژادە ڕژاوەکـان بـە ئاراستەی ئەستێرك(حەوز)ە تایبەتییەکانی بۆ ئەم مەبەستە دروست دەکرێن.




- ئەگەر ئامرازی هەواگۆڕکێ و ڕووناککردنەوەی باشی هەبوو، ئەوا پەنجەرەی بۆ درووست ناکرێت، ئەگەر نەشبوو ئەوا پێویستە سێبەر بۆ پەنجەرەکان درووست بکرێت بۆ ڕێگەگرتن لەچوونە ژوورەوەی تیشکی خۆر.

- ژێرەوەی کۆگە لە مژادێك درووست بکرێت کە ڕێگە بــە تێپــەڕبوونی ئــاو نەدات یان پلێتێکی کانزایی لەسەر چیمەنتۆ دابنرێت.
- لێوارەکانی بناغەی کۆگە کەمێك لــە زەوییەکــە بــەرزتر بێــت، تــاوەکو مژادی ڕژاو دزەنەکاتە دەرەوە و ئاوی دەرەوەش نەیەتە ژوورەوە.
- دامەزراندنی بەنداوێك بۆ بنتەمەڵی دیواری کۆگە بە بــەرزی (١٥) ســم و بە مژادێك ناوپۆش بکرێت کــە ئــاو نــەدەڵێنێت. بــۆ کەمکردنــەوەی مەترســی پیسبوونی ژینگە، واچاکە دیراوێکی دیکە بەچواردەوری کۆگاکە دابمەزرێندریّ.



- درووست کردنــی ڕەمپــە بــۆ دەرگــە بــۆ چــوونە ژوورەوە و هاتنــە دەرەوەی بارهەڵگر.



• دەمەزراندنی تۆڕی بۆڕی وگەیاندنی ئاو، بۆ پاككردنەوە و شووشتن و لابردنی پیسی لە زەوی و دیواری كۆگە، بۆ خۆ شووشتن و جل شۆرین.

• ئەستێرك (حەوز)ێك، لە دەرەوەی كۆگە دروست دەكرێت بە مژادەێكی ئەوهاش ناوپۆش دەكرێت كە ڕێگە بە دەڵاندن و تێپەڕبوونی شلەمەنی نەدات. بەمەبەستی كۆكردنەوەی ئەو ئاوەی كە ناو كۆگەكەی پێ دەشۆردرێت.

نابێ ڕێگەشبدرێت ئاوەكە بچێتە ناو زێراب و ڕووبارەكانەوە.

• دروست كردنی دیواری جیاكەرەوە (ناوبڕ) یان بەربەست لەنێوان بەشەكانی كۆگە، بەمەبەستی جیاكردنەوەی بەشەكانی لە یەكدی، بۆ ڕێگەگرتن لە تەشەنەسەندنی ئاگر لە بەشێكی كۆگەوە بۆ بەشەكانی دیكە.








- سەرەڕای دەرگای سەرەکی کە واچاکە بکەوێتە لای کۆتایی بەشی کۆگەکەوە. دەروازەی دەربازبوونیش بۆ بارودۆخی لەناکاو دروست دەکرێت.
- سیستەمی هەواگۆڕکێ، گرنگترین پێویستییە. بۆئەوەی رێگربێت لە کەڵەکەبوونی هەڵم و گازی ژەهراوی، کە کاریگەری خەراپی لە سەر تەندروستی کرێکارەکان دەبێت. وێڕای ئەمەش هەندێك لە و هەڵم و گازە ژەهراوییانە بەخێرایی گڕدەگرن، ئەمەشیان مەترسییەکی دیکەیە. هەواگۆڕکێی چاك، دەبێتە هۆی فێنککردنەوەی کۆگا، ئەمەش پتر یارمەتی خۆڕاگری و شینەبوونەوە مژادی قڕکەرەکان و پاراستنیان لە تێکچوون دەدات. ڕووبەری هەواگۆڕکێی نموونەیی، یەکسانە بە (١/١٥٠) ڕووبەری کۆگەکە، دەبێ هەفتانە لای کەم (٦) کاتژمێر دەرگە سەرەکییەکەی بکرێتەوە. ئامێرەکانی هەواکێشکردن لە ئاستی بنمیچی کۆگە و لای ژێرەوەی دابندرێت. بۆ تووڕهەڵدانی برك و هەوای گەرم راستەوخۆ بۆ دەرەوە.
- تۆڕی کانزایی بۆ ڕێگرگرتن لە هاتنە ژوورەوەی باڵند ەو مشك و مێروو دادەندرێت.

## نیشانەکانی ئاگادارکردنەوە :



نیشانەی ترسناکی (بە تایبەتی پەیکەری کەللەسەری مرۆڤ و دوو ئێسکی یەکتربڕ) لە دەرەوەی کۆگە و لە شوێنی بەرچاودا هەڵبواسرێت و بە ڕوونی لێی بنوسرێت : "قڕکەرەکان ترسناکن... چوونە ژوورەوە قەدەغەیە... تەنیا کارمەندە تایبەتمەندەکانی کۆگەکە بۆیان هەیە بچنە ژوورەوە... ". بە شێوەیەکی گشتی نیشانەکانی وریاکردنەوە و ئاگادارکردنەوە لە شوێنە بەرچاوەکان دادەندرێن، بە تایبەتیش ئەو نیشانانەی کە ئاماژە بە " قەدەغەکردنی جگەرە کیشان" دەکەن.

ئەو نیشانانەی کە لەسەر دیوار و بەرمیلەکان دادەنرێن:






| پۆلێنکردنی ترسناکی کالاکان لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکان | |
|---|---|
| گازی شیاوی گرگرتن |   |
| شلەی شیاوی گرگرتن |  |
| مژادی رەقی شیاوی گرگرتن |   |
| ئەو مژادانەی لەخۆیەوە گر دەگرن |  |

**وێنەی چەندین نیشانەی دیکەی ئاگادارکردنەوە**

**ئەم مژاد و کەلوپەلانەی بۆ بارودۆخی لەناکاو لە کۆگەدا دابین دەکرێت:**

- هەندێ گونیە (تەلیس)ی پڕ لە ئاردەدار یان لم.
- چەند بەرمیلێکی بەتاڵ بۆ کۆکردنەوەی دەفرە تێکشکاوەکان.
- توورەگەی پۆلی ئەسیلین بۆ گواستنەوەی مژادە بەسەرچووەکان.

تەلەفۆن بۆ پەیوەندیکردن لە کاتی پێویستدا

- دەرمانخانەیەکی بچکۆڵەی سەرپێی.






- ئامێری ئاگرکوژاندنەوە و بێڵ و گسك، سەتڵی پڕ لم.
- جل و بەرگی پاراستن (دەستەوانەی نتریل یـان نیـوبرین، پـووتی لاسـتیك، بەرگی پارێزەر و چاویلکە و دەمامك).






## چۆنییەتی هەڵگرتنی مژادی قڕکەرەکان:




**هەڵگرتنی مژادە بەردەستەکان لە کۆگەدا:**

- مژادەکان بە جۆرێك دادەندرێن و ڕێك دەخرێن، کە بتواندرێت لە پێشدا کۆنەکانیان دەربهێندرێن (نوێیەکانیش لە بەشی دواوە دادەندرێن) بەم شێوەیە ڕێگە لە کەڵەکەبوونیان دەگیرێت.
- بۆ خۆپاراستن لە زیانە میکانیکیانەی کە دەبنە هۆی ڕژان و دزەکردنی مژادە ترسناکەکان، پێویستە بەرمیلەکان بە باشی و ڕێکی دابندرێن (بە جۆرێك بێت کە کەمترین جێگۆڕکێ و گواستنەوە بەمژادەکان بکرێت).
- دەبێت بۆشایی نێوان ڕێڕەوەکانی ناو کۆگەکە لەبار و گونجاو بێت، ڕێگە لە جولە و هاتوو چۆ و بەسەرکردنەوە نەگرێت، بەرینی ڕێڕەوەکان، لە مەترێك کەمتر نەبێت، بۆ ئەوەی لە کاتی ڕژانی مژادەکاندا بتواندرێت بە خێرایی خاوێن بکرێتەوە و کاری پێویستی بۆ بکرێت.
- **ناشێت بە سەر دەفر و بەرمیل و تانکییەکان بکەوین، یا بەسەریاندا بازبدرێت، چونکە لەوانەیە ڕووداوی ترسناکی لێبکەوێتەوە، بە تایبەتی ئەگەر**

بەرمیلەکان بەرگەی قورسایی کەسەکان نەگرن.

- کەرپووچ (خشتی سووروەوەکراو)یان تەختەی دار لە ژێر بەرمیلەکان دابندرێت. نابێ دەفرەکان ڕاستەوخۆ لەسەر زەوی بن، لە کاتی ڕێکخستن و ریزکردنی بەرمیلەکان لەسەر یەکدا، بۆشایی لەنێوان سەکۆکانی ژێریاندا هەبێ، بەم شێوەیە دەکرێت چاودێری هەرگرفتێك کە پەیوەستیێ بە داخوران و ژەنگ هێنانی بەرمیلەکان یا ڕژان و دزەکردنی مژادەکان بکرێت و بە پەلەش چارەیان دەکرێت.
- بەرزی هەرسەکۆیەك لە (٢) مەتر پتر نەبێ. بۆ ئەوەی تابکرێ نەردەوان (پەیژە) بەکار نەیەت. بەرزی بەرمیلەکانی سەر سەکۆ گوێزراوەکانیش لە (١٠٧) سم زیاتر نەبن، پێویستە سندوق و بەرمیلەکان بە بەرزییەکی بێ مەترسی و جێگیر دابندرێن، بەرزی گونجاو بۆ مژادەکان پەیوەستە بە جۆرەکەیانەوە، وەك لە خشتەی ژماری (١) دەردەکەوێت:




خشتەی ژمارە (١): ئەوپەڕی بەرزی گونجاو بۆ ریزکردن و بەرزکردنەوەی بەرمیلەکان لەسەر یەکدی.

هێشتنەوەی مژادەکانی وەك: تۆزی وەشاندن و دنکۆڵەکان و هاڕدراوەکـان لـە

| جۆری دەفر | ژمارەی چینەکان لە سەر سەکۆیەك | ژمارەی قوتووەکـان لە هەر سەکۆیەك |
|---|---|---|
| بەرمیلی ئاسن، (٢٠٠) لیتری. | ١ | ٣ ـ ٤ |
| بەرمیلی ئاسن، کەمتر لە (٢٠٠) لیتر. | ٢ | ٣ ـ ٤ |
| بەرمیلی ڕیشاڵی (٢٠٠) لیتر. | ١ | ٣ |
| بەرمیلی ڕیشاڵی کەمتر لە (٢٠٠) لیتر. | ٢ | ٣ |
| بەرمیلی پلاستیکی (٢٠٠) لیتر. | ١ | ٢ |
| بەرمیلی پلاستیکی کەمتر لە (٢٠٠) لیتر | ٢ | ٢ |
| توورەگەی کاغەز. | ٥ ـ ٤ | ٣ |
| توورەگەی نایلۆن. | ٥ ـ ٤ | ٣ |
| کارتۆنی ریشاڵی دا پۆشراو. | ٦ ـ ٤ | ٣ ـ ٤ |
| دەفری ڕیشاڵی کە قوتووی تەنکی تێدایە (قوتووی پلاستیکی و زەرف) | ٦ ـ ٤ | ٢ |
| سندوقی دار | ٤ ـ ٢ | ٣ ـ ٤ |

ناو سندوقەکانیاندا، بۆ ڕێگەگرتن لە تێکچوونیان، بەڵام پێکهاتە شلەکان، بـە تایبەتی ئەوانەی لە کەمۆڵەی شووشەیی دان، بۆ ئەوەی لـە مەترسـی شـکان و ڕژان بەدووربن. هەر بە شێوەی خۆیان لە سندوقەکانیاندا دەهێلدرێنەوە.



- جوداکردنەوەی پێکهاتە ڕەقەکان لە شلەکان، لە بەر جیاوازی ڕێگەی چارەسەرکردنیان لە کاتی کەوتنەوەی ئاگر یان ڕژانی مژادەکانیان.
- جیاکردنەوەی قڕکەرەکانی گڕەگرن لە وانی دیکە، بۆ کەمکردنەوەی مەترسی لە کاتی ئاگر کەوتنەوەدا.
- جیاکردنەوەی قڕکەرە نەویستراوەکان (ماوە بەسەرچووەکان) لەوانی دیکە.
- جیاکردنەوەی قڕکەرەکان بە پێی جۆری مژاد و مەبەست لە بەکارهێنانیان (مێرووکوژ، کەڕووکوژ، بژارکوژ... هتد)، دەستنیشانکردنی جێگەی تایبەت بۆ هەر جۆرێکیان بە جیا.



## ماوەی (تەمەنی) هەڵگرتنی قڕکەران:

مەبەستمان لەوتەمەنەدا ئەو ماوەیەیە کەدەشێت قڕکەرەکان دەتێیدا هەڵبگیرێن و بفرۆشرێن و بە کاریگەرییەوە تییێدا بەکاربێن (بەرلەوەی دووچاری شیبوونەوە و لەناوچوون و لە کارکەوتن بن). بە شێوەیەکی گشتی هەر جۆرە قڕکەرێك تەمەنێکی دیاریکراوی خۆی بۆ هەڵگرتن و بەکارهێنانی کارا هەیە. پێشکەوتنی تەکنیکی لە بواری هەڵگرتنی قڕکەرەکاندا، پەیڕەوکردنی ڕێگاکانی هەڵگرتن لە قوتوونانە، مەبەست لەمە درێژکردنەوەی تەمەنی هەڵگرتنە بۆ درێژترین ماوە بەپێی توانا. دەبێ کۆمپانیاکانی درووست کردنی قڕکەرە کیمیاییەکان تەمەنی هەڵگرتنی قڕکەرەکان لەسەر دەفرەکانیان بنووسن. تەمەنی هەڵگرتنی زۆربەی قڕکەرەکان لە ژێر بارودۆخی هەڵگرتنی گونجاوی ئاساییدا لە دوو ساڵ کەمتر نییە. ئەگەر شێوازی هەڵگرتن باش نەبوو ئەوا ماوەی هەڵگرتن کەمتر دەبێتەوە ( بۆ نموونە ئەگەر پلەی گەرمی کۆگە بەرز بێ). لە کاتی هەڵگرتندا دەبێ بەرواری بەرهەم هێنانی مژادەکە تا ئەو کاتەی دەگاتە کۆگە بەهەند وەربگیرێ.

## بە دوو ڕێگە، گۆڕانکاری لە قڕکەری کیمیایی ناو قوتوو ڕوودەدات:

- بە شیبوونەوە و تێکشکانی مژادی کارا دەگۆڕێت بۆ جۆرە پێکهاتەیەکی دیکە، کە سیفەتی مژادە ڕەسەنەکەی تێدا نامێنێ، لە ئەنجامدا خەستی مژادە کاراکە کەم دەبێتەوە.

شێوەی ئامادەکراوی مژادی قڕکەرەکە تێك دەچێ، مژادەکان بەشێوەی بلوورەیی یا پوولەکەیی یان پێکهاتەی شێوە لینج دەنیشێت و دەبێتە هۆی ئەوەی کە مژادەکە تێکەڵ نەبێ و بە ئامێری ڕشاندن بەکار نەیەت. نموونە: قڕکەری ئەندۆسۆلفان Endosulfan (لە کۆمەڵەی کلۆرە ئەندامییەکانە) لە ڕووی کیمیاییەوە جێگیرە، بەڵام هەندێ لە پێکهاتەکانی زووتر تێکدەشکێن. کەچی کۆمەڵەی فسفۆرییە ئەندامییەکان ڕادەی جێگیرییەتیان کەمترە، بۆیە تەمەنی هەڵگرتنیان کەمترە. ئەو ئامادەکراوانەی کە لە سەر شێوەی تۆز یان هاڕاوەی لە ئاودا تواوە، لە ئەنجامی گەرمی و ڕادەی شێی بەرز یان تیشکی خۆری بەتین یا کەوتنە بەر پەستانی بەرز. ئاسانتر تێکدەشکێن و دەبنە کلۆ، بە بەراورد لە گەڵ قڕکەرە شلەکانی کە لەناو کەمۆڵەی داخراو پارێزراون.

### پەیوەندی تەمەنی بکوژەکان بە هاوردەکردن و هەڵگرتنیانەوە:

### تەمەنی هەڵگرتنی مژادی قڕکەر و پشکنینی کۆگەکنیان:

بە مەبەستی چاودێریکردن لە ئەگەری دەرکەوتنی هەرنیشانەیەك کە ئاماژە بە تێکچوون و لە ناوچوونی مژادەکە دەکات، وەکو کلۆبوونی هاڕداوەکان، نیشتن لە مژادە شلەکان، یان گۆڕانیان بۆ دۆخی جەلاتینی، گۆڕانی ڕەنگ لە ئەنجامی ڕوودانی ئۆکساندا، پێویستە مژادە قڕکەرەکان بەشێوەیەکی ڕیکوپێك لە کاتی گونجاودا بپشکندرێن، دەبێ ئاگاداربن کە لە پاش کردنەوەی سەری دەفر و بەکارهێنانی هەر بەشێکی قڕکەرێك، تەمەنی هەڵگرتنی (بەشە ماوەکەی) خێراتر کەم دەبێتەوە.

پێویسته بەڕێوەبردنی کۆگە بەشێوەیەك بێ، کە ناوەرۆکی ئەو دەفرانەی سەریان کراوەتەوە زووتر بە کاربهێندرێن. دەبێ دەفرە سەرکراوەکانی مژادەکانی جۆری تۆزی وەشاندن یان هاڕدراوەی لە ئاودا تواوە زیاتر لەساڵێك نەهێڵدرینەوە.

پێویستە ئاگاداری ئەو دەفرانە بین کە بەهۆی هۆکاری دەرەکی (کەشو هەوا و هۆکاری زیندەگی و میکانیکی و هۆکاری دیکەو) ، یا لە ئەنجامی داخورانی دەفر لە ناوەوە بە هۆی کاریگەری ئەو قڕکەرەی تێیدایە ، دووچاری لە شکان دڕان و تێك چوون دەبنەوە ، وەکو زانراوە گیراوە خەستەکانی دەبنە شیراو (EC.) کار دەکەنە سەرشوێنە تەنکەکان، بە درێژایی هێڵی پێکەوەلکان، یان ئەو شوێنانەی بە باشی ناوپۆش نەکراون.

هەندێ قڕکەر لە ماوەی هەڵگرتنیان لە کۆگەدا ترشەتیان زیاددەکات و داخورانی دەفرەکانیان خێراتر دەبێ.

گۆڕانی ڕەنگی قڕکەران لە ناو دەفرەکانیاندا ئاماژەیە بۆ ڕوودانی داخوران، لە کاتی پشکنیندا چاودێری ئەم خاڵە بایەخدارانە دەکرێت.



## هەڵگرتنی قڕکەرە ماوە بەسەرچووەکان:

لە کاتی نەبوونی زانیاری لەسەر دەفرەکاندا دەربارەی ماوەی بەسەرچوون. ئەوا دەبێت وا دابندرێت کە ماوەکەی لە دوو ساڵ زیاتر نییە. وا چاکە ئەم زانیاریانە لە کارگەی دروست کردن یا ئەو سەرچاوەیەی کە لێی کڕاوە، داوا بکرێت. نابێت قڕکەری ماوە بەسەرچوونی نزیك بێت بکڕدرێت یا لەکار کەوتوو بەکاربهێندرێت.

ئەگەر سەری دەفرەکە نەکرابۆوە و بڕی مژادەکە زۆر بوو دەکرێت لە ڕێگەی پشکنینی مژادەکە لە تاقیگەدا لە کاریگەری بەکارهێنانی دڵنیابین.

دەبێ بەرواری پشکنینەکان لەسەر دەرخۆنەی دەفرەکان بنووسرێ.

نابێ لە ڕێگەی تاقیکردنەوە و بە بەکارهێنانی خەستی زیاتر لە ڕادەی دیاریکراودا بڕیاری کارایی لەسەر بدرێت.

## لەناوبردنی قڕکەرە ماوە بەسەرچووەکان:

ئامانجی سەرەکی لە هەڵگرتنی باش، بریتییە لە کەمکردنەوەی بڕ و کردارەکانی لە ناوبردنی مژادە بەسەرچووەکان، چونکە ئەم کردارە تێچوون و گیروگرفتی زۆری هەیە، لە گەڵ ئەوەشدا ئەگەر پێویست بوو ئەوا دەبێ مژادە کۆنەکان لە ناو ببردرێن. بۆیە دەبێ شێواز و ڕێگاکانی هەڵگرتن، ڕێخۆشکەربن بۆ بەکارهێنان و نەهێشتنەوەی قڕکەرە کۆنەکان لە کۆگەکاندا. دەبێ بەڕێوەبەری کۆگە، دەسەڵاتی ئەم جۆرە کارانەی هەبێ، ئەگەر نا، ئەوا کەڵەکەبوونی ئەو مژادانەی کە پێویستە لابدرێن، مەترسی گەورە بۆ باربەر هەیە، بە تایبەتی لە

کـاتی لـه ناوچـوون و تێکشـکاندنی دەفـر و دزەکردنـی مـژادەکان لـە کـاتی گواستنەوە و هەڵگرتنیاندا.

**هەڵگرتن و چاودێریکردن:**

**پێویستە لە کۆگەی قڕکەرە کیمیاییەکاندا سسـتەمێکی گونجـاو هـەبێ**، بـۆ ئەوەی بزانین توانای بڕ و ماوەی هەڵگرتنمان چەندە، دەبێ چاودێری تۆمـاری ئـەو مژادانە بکەین کە لە کۆگەدا هەن وێڕای ئەو بڕەی دێتە ژوورەوە و ئەو بڕەی دەچێتە دەرەوە.

پێویستە ئەو بڕەی کە پێویستمان پێیەتی بە وردی بیخەملێنین، بۆ دەربازبوون لەو گیروگرفتانەی بە هۆی داواکاری ڕەمەکییەوە ڕوودەدەن، کە دەبێتە هۆی شێوانی سسیتەمی هەڵگرتن و تێکچوونی بنەماکانی هەڵگرتن. ئەگـەر لـە هـەڵگرتنی مژادەکاندا پابەندی ڕێگای درووست نەبین، ئەوا ڕووبەڕووی گـرفتی کەڵەکـەبوونی مژادی بەسەرچـوو دەبینـەوە، سـەرەڕای کێشـەوگرفتەکانی لـە نـاوبردنی مـژد و دەفرەکانیان.

بێگومـان کـرداری هـەڵگرتنی نادروسـت تـەنیا زیـان بـە لایـەنی ئـابووری ناگەیەنێت، بەڵکو مەترسی بۆ کارمەندە پەیوەندیدارەکانیش دەبێت. لە کاتی لـە ناوبردنیشـیاندا گیروگرفـت بـۆ ژینگـە دروسـت دەکـات. لەلایـەکی دیکەشـەوە **کارمەندانی خزمەتگوزاری لەناکاو**(وەك ئاگرکوژێنەوەکان) پێویستیان بە زانیاری کرداری تۆمارکردن و چاودێری قڕکەرەکانی ژوورەوە و دەرەوەی کۆگە هەیە، لە کاتی

ڕوودانی هەر کارەساتێك پێویستە زانیاری پێشوەختە دەربارەی بڕ و ترسناکی مژادی ناو کۆگە بەردوست بێت.









## سیستەمەکانی تۆمارکردن:

جۆری سستەمی تۆمارکردن پەیوەستە بە قەبارە و سروشت و ئیشی کۆگەکە.

### جۆرەکانی کۆگە بە پێی قەوارەکانیان:

#### ١ - کۆگە بچووکەکان:

قەبارەی مژادەکان بچووکە، پێویست بەو سستەمە بەرفراوانە ناکات، کە لە کۆگەکانی دیکەدا هەیە، هەموو ئەوانەی کە پێویستە لەم کۆگەیانەدا بکرێت:

- لەکاتی هاتنی مژادەکان بۆ کۆگەکان پێویستە بەرواری کڕین و گەیشتنی قڕکەر لەسەر هەموو کارتۆنەکان بنووسرێت.

- جەخت کردنەوە لە سەر هەبوونی کارتی زانیاری لەسەر هەمووکارتۆنەکان بە شێوەیەکی ئاشکرا و پاراستنیان لە لەناوچوون.

- جەخت کردن لە سەر گرنگی پاراستنی لیستەکانی کڕین و فرۆشتن و هاوردەکرن لە دەرەوەی کۆگە. ئەمە یارمەتی بەرپرسی کۆگەکە دەدات، کە پەیوەندی بە سەرچاوەی دروست کردنی قڕکەرەکانەوە بکات، لە هەر بارودۆخێکی لەناکاودا بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر دەربارەی چۆنییەتی هەڵسوکەوت لە گەڵیاندا. هەروەها دەبێ کۆمپانیای دروستکەر زانیاری تایبەت بە چۆنیەتی پاراستنی سەلامەتی جۆری قڕکەرەکان لەکۆگەدا بدات. وەرگیراو کە لە کۆگەکاندا هەڵگیراون.

### ٢ – كۆگە گەورەكان:

كۆگە گەورەكانی قڕكەرە كیمیاییەكان خاوەن سستەمی تۆماری تۆكمەن، بۆ هەموو كەلوپەلەكانی ناو كۆگە و گواستنەوەی مژادەكان، لە ترسی فەوتان بە كارەساتی لەناكاو (وەكو ئاگر كەوتنەوە و لافاو و بومەلەرزە و هەر زیانێكی دیكە بەر شارەكە بكەوێت) لە تۆماری تایبەتد دەنووسرێت لە دووری كۆگەكەدا دەپارێزرێت. ئێستا بۆ چاودێری كردنی چوونە ژوورەوە و هاتنە دەروەی مژادەكان. وێڕای پەرتووكی تۆمار، پشت بە سیستەمی كۆمپوتەریش دەبەسترێت دەكرێت زانیارییەكان لە لستی دیاری كراودا بنووسرێن و لە ناو دەفتەری تۆماری گشتی و سی دی هەڵبگیرێن. دەكرێت لەسەر كارتەكانی بۆ كۆگە دێن بنووسرێنەوە، چاكتریشە ئەگەر كۆپییەك لەم زانیارانە لە نزیك كۆگەدا هەبێت، سەرەڕای جەخت كردنەوە لەسەر گرنگی دابینكردنی زانیاری سەلامەتی لەسەر هەموو مژادەكانی ناو كۆگە.

دەبێ هەموو زانیارییە تۆماركراوەكانی ناو تۆمارگەكان، ورد و دروست و رێكوپێك بن، بۆ ئەوەی لە كاتی ئامادە نەبوونی بەرپرسی كۆگە، یەكێكی دیكە بتوانێ بە ئاسانی جێگەكەی ئەو پڕبكاتەوە، كارەكان راپەڕێنێت. ئەو قڕكەرانەش كە تەمەنی هەڵگرتنیانی سنووردارە، لە كاتی جیاجیاشدا مژادەكان هاوردەكراون، هەڵگرتن و شێوازی كردنە ناو دەفریان دەگۆڕێ. ئەمەیە بایەخی كرداری تۆماركردنی تەواو و بەجیا بۆ هەر كاروانێك و هەر جۆرە قڕكەرێكی

پێویستە لایەنی نیشتیمانی بەرپرس لە هاوردەکردن و کڕینی قڕکەرەکان، (بۆ کۆگەکانی مژادی قڕکەرەکان لە ولاّت)، زانیارییەکان دەربارەی ڕێنماییەکانی هەلّگرتن و تاووتوێکردنی مژادە قڕکەرەکان نویّ بکاتەوە، پێویستە بەرپرسی کۆگەش بەردەوام ئامادەبیّ بۆ پێشکەش کردنی ئەم جۆرە زانیاریانە.

تۆمارکردنی زانیارییەکانی ڕێخۆشکەرن بۆ چاودێری کردنی هەر گۆڕانکارییەکی لەویّ ڕوودەدات، لەسەر ئاستی هاتن و دەرچوونی هەرمژادێکی کۆگەکەوە، کە مژادەکە دێتە ژوورەوە دەپشکێندرێت. ئینجا لە جێگەیەکی دیاریکراو هەلّدەگیرێت. تاکو دەفرۆشرێت، یا رەوان دەکرێت چاودێری مژادەکانی ناو کۆگە دەکرێت، بەتایبەتی پاش کۆتایی هاتنی ماوەی هەلّگرتن و بەسەرچوونیان، بۆ دلّنیابوون لە تێکچوون و پێویسی لەناوبردنیان.

بایەخدان بە تۆمارگەکان و زانیارییەکانی کۆگە، هێما و ئاماژەی باشی بەرێوەبردنی کۆگەن. ئەمە بنەمایەکە بۆ کەمکردنەوەی ئەگەری بەفیڕۆدانی مژادەکانی ناو کۆگە یان تێکچونیان بەهۆی کارەساتەوە.



دەبێ بەرپرسی کۆگە جەخت لەسەر بوونی سیستەمێکی سنووردار و گونجاو بکاتەوە و لە هەموو کاتێکیشدا لەلایەن کرێکارەکانەوە بە چاکی جێبەجێبکرێت.

جەخت لە سەر ئەوە دەکرێتەوە کە بەرپرسانی هێنان و دەرچوونی مژادەکانی ناو کۆگە، مەشق لە سەر چۆنییەتی ئیشکردنی سستەمی تۆمارکاری کۆگە بکەن، زانیارییەکانیشیان بە بەردەوامی نوێ بکەنەوە.

**نموونەی لستی زانیارییەکانی کۆگەی قڕکەرە کیمیاییەکان کە لەسەر دەفرەکانیش دەنووسرێت:**



**له کارتی زانیاریدا (بۆ کۆگە و له سەر دەفری قڕکەرەکان) ئەم زانیاریانەی خوارەوە بە روونی تۆماردەکرێن:**

جۆر و کۆمەڵەی قڕکەرەکە Pesticide group = مێرووکوژ / فسفۆڕی دەندامی.

ژمارەی سەرچاوە Ref. No. = Inv 29$L^5[R^3]$

ناوی گشتی قڕکەر Common Name = کلۆرپیرفۆس Chlorpyrifos

ناوی بەناوبانگی بازاڕیی (ناوی بازرگانی) Trade Name: دۆرسبان Dursban

شێوازی ئامادەکراوەکە ، خەستی .Formulation/ Conc = گیراوەی خەستی لە ئاودا تواوە

بڕی Quantity ناو دەفرێکی: کەمۆڵەی پلاستیکی قەبارە (٢٠) لیتری .

بڕی قوتووە یەکەمییەکان Primary Packaging quantity = چوار کارتۆن، هەر کارتۆنەی (١٢) دەفری یەك لیتری تێدایە .

بەرواری دروستکردنی Made in = ١ کانوونی یەکەم ٢٠٠٧.

بەرواری وەرگرتن Date Received = ٢٠ کانوونی یەکەم ٢٠٠٧.

دوا بەرواری بەکارهێنانی ( لەکارکەوتنی) Use – by date = ١ کانوونی یەکەم ٢٠٠٩.

مەبەست لە بەکارهێنانی. تەمەن و بارودۆخی گونجاو بۆ هەڵگرتنی.

چۆنیەتی بەکاربردنی. پلەی ژەهرایەتی. ماوەی دڵنیابوونی.

وشیارکردنەوەو تێبینیە بایەخدارەکانی دیکە Notes

(تەمەنی هەڵگرتن، بارودۆخی هەڵگرتنی تایبەت ) = ژمارەی پشکنینەکان

تەمەنی هەڵگرتن : دوو ساڵ بە مانەوەیان لە کارتۆنەکانیاندا بە داخراوی و ئەنجامدانی پشکنین هەموو شەش مانگ جارێك بۆ چاودێری کردن لە ڕوودانی تێکچوونی دەفرە پلاستیکییەکان.

**خشتەی زانیاری و تێبینییەکانی لە کاتی پشکنینی کۆگەی قڕکەرە کیمیاییەکاندا تۆمار دەکرێت:**

| بەروار | بــــــڕی ئامادەکراو بە لیتر | بڕی بەردەست لە کۆگە بە لیتر | تێبینییەکان ( پشکنینی مژادەکان ، تێبینی دەربــــارەی بــارودۆخی مــــژادەکان - واژۆی بەرپرس |
|---|---|---|---|
| ٢٠٠٧/١٢/٢٥ | ٦٥٠ | ١٨٥٠ | بارودۆخی مژادەکان باشە - واژۆ |
| ٢٠٠٨/٦/٦ | | | مــژادە پشــکێنراوەکــان هــیچ زیــانێکی بەرنەکەوتووە - واژۆ |
| ٢٠٠٨/٦/١٠ | ١٣٠٠ | ٥٥٠ | بارودۆخی مژادەکان باشە — واژۆ |
| ٢٠٠٨/١٠/١٠ | | ٥٤٨ | مژادەکان پشکێنراوە دزەکردن لە دوو بەرمیل دەرکەوتووە لەناوبران _ واژۆ |
| ٢٠٠٨/١٠/٣٠ | ٥٤٨ | نییە | واژۆ |

زانیاری تایبەت بە مامەڵەکردن دەربــارەی دزەکردنــی مــژادە کیمیاییــەکان لــە دەفرەکانیانــەوە = بــە ئــاردەداری بــەکاربراو دواتــریش ســوتێندراو، دەفــرە زیــان بەکەوتووەکان گواستراونەتەوە بۆ کۆگەی ژمارە (٢)، دووبارە مژادەکان کراونەتەوە ناو دەفری نوێوە

**زانیاری گشتی دەربارەی زانیارییە جێگیرەکانی ئەم نموونەیەی سەرەوە:**

- ژمارەی سەرچاوە: ئەو ژمارە جێگیرە دەگرێتەوە کــە لــە لیســتی ئامادەکردنــدا هەیە. هەروەها جێگەی مژادە قڕکەرەکان لە کۆگە (ژمارەی کۆگە و جۆرەکەی)
- کارتی پێناسەی قڕکەر: کۆمەڵێك زانیاری دەربارەی ناوی گشتی و ناوی بازاری قڕکەر، زانیاری تەواو دەربارەی چۆنییەتی ئامادەکردنی مژادەکە و خەستییەکەی.
- سەرچاوەی مژادی قڕکەر: زانیاری دەربارەی بەرهەمهێنەری سەرەکی یا دووەمــی

هەروەها سەرچاوەی ناوخۆیی ( ژمارەی تەلەفۆن لە بارودۆخی لە ناکاودا).

- خستنە دەفر و دەفری فرۆشتن: چەندین جۆر قڕکەر کراونەتە ناو بەرمیلی (٢٠٠) لیتری، یا دەفری (١) لیتری و دەکرێنە ناو سندووقی داخراو

- لەدەفری (١) لیتریدا دەفرۆشرێت.

- بەرواری وەرگرتن: گرنگترین زانیارییە. دەبێ لە تۆمارگە و لە سەر کارتۆنەکان بنووسرێتەوە وێڕای تۆمارکردنی ماوەی بەکارهێنان و بەرواری لە کارکەوتنی.

- تێبینییەکان: زانیاری بەرواری بەکارهێنان و هەر پێداویستییەکی تایبەت بە هەڵگرتن ئەگەری مەترسی و هەر زانیارییەکی دیکەی پێویست. لە بەرهەمهێنەر داوا دەکرێت

- بەڕێوەبردنی کاروباری مژادە هەڵگیراوەکان: گشت زانیارییەکانی تایبەت بە مژادی ئامادەکراوی کڕاو بە ورد و درووستی تۆمارەدەکرێت.

- جەخت لە سەر پشکنینی مژادەکان و سەلامەتیان دەکرێتەوە. لە کاتی پشکنیندا تێبینییەکان دەربارەی بارودۆخی دەفرەکان و مژادەکانی ناویان، بە وردی تۆمار دەکرێت و واژۆ دەکرێت .

**لەناوبردنی قڕکەرەکان:** ئەو قڕکەرانەش تۆمادەکرێن کە پێویستە لەناو ببرێن، وێڕای تۆمارکردنی ڕێگەی لەناوبردنی مژاد و بەرمیلەکانیان و شوێنی شاردنەوەیان... هتد.

## گواستنەوەی قڕکەرەکان:

زۆرجار بەهۆی گواستنەوەی مژادە قڕکەرەکان بە بارهەڵگری مژادەکانی دیکە بە تایبەتی مژادە خۆراکییەکان، لە ئەنجامی دزەکردنی قڕکەرەکان لە دەفرەکانیانەوە، پیسبوون ڕوودەدات لە کاتی بەکارهێنانیشیان لەلایەن مرۆڤ و ئاژەڵەوە ژەهراوییبوونی لێ دەکەوێتەوە، بۆ زاڵ بوون بەسەر ئەو گرفتانەی کە لە ئەنجامی گواستنەوەی خراپەوە دێنە کایەوە. پێویستە بە تەواوی پابەندی مەرجەکانی چۆنییەتی گواستنەوەی مژادی قڕکەرەکان بین و بە شێوازی راست و دروست پەیڕەویان بکەین.

- **لەم ڕوانەگەیەوە پەیڕەوی ئەم ئامۆژگارییانەی خوارەوە دەکرێ:**

- دەبێت ئۆتۆمبێلەکان باش و لەبارو خاوێن بن، شتی ڕەق و زیادەی وەك مێخ و شتی دیکەی تێدا نەبێت کە زیان بە دەفری ژەهرەکان بگەیەنن و کونیان بکەن یا بیاندڕێنن ، بیانشکێنن.



- نەگواستنەوەی خۆراکی مرۆڤ و ئالیکی ئاژەڵان و تەواوی مژادە بەکارهاتووەکان لە گەڵ مژادی قڕکەرەکان بەیەك بارهەڵگر.
- نەگواستنەوەی دەفری سەر کراوە یا زیان بەرکەتووی مژادە قڕکەرەکان.
- ئەگەر لە ناچاریدا مژادی قڕکەر لە گەڵ مژادی دیکە گواسترانەوە، ئەوا دەبێ بەربەستێکی تۆکمە لەیەکدییان جیابکاتەوە.

- **دەبێ مژادی قرکەرەکان بە شێوەیەك باربکرێنە ناو بارهەڵگرەکان، دابپۆشرێن و ببەسترێنەوە و دابگیرێن کە لە تێکچوون و شکان و دڕان و ڕژان بپارێزرێن.** زانیارییە نووسراوەکانی سەریان نەدڕێ و نەچێتەوە، لەکاتی ڕۆیشتن بە هەوارازو نشێودا دەفرەکان نەجوولێن، وەرنەگەڕێن (دەبێ بەستن و شەتەکدانی بارەکە بەشێوەیەکی سەلامەت بێ).

- **دەبێ زانیاری دەربارەی جۆری بارەکە و مەترسییەکانی بە لێخوڕی بارهەڵگرەکان یا بەرپرسی کاری گواستنەوە بگوترێت**، وێڕای پێدانی ڕێنمایی پێویست بۆ ڕووداو و بارودۆخی لەناکاو.





- **بۆ دڵنیابوون لە سەلامەتی کارەکە دەبێ لە کاتی بارکردن، لە ڕێگەشدا ناوە ناوە بارەکە بپشکێندرێت.** لە لەکاتی ڕژان یا ڕوودانی دزەکردنی مژادە قرکەرەکان لە ئەنجامی گواستنەوەدا دەبێ ڕابگیرێت چارەسەری بارودۆخەکە بکرێت و شوێنی دزەکردنەکە خاوێن بکرێتەوە.



- **ئەگەر بڕێك مژادی قڕكەر لە كاتی گواستنەوەدا ڕژا**، دەبیت خەڵك لە شیوێنەكە دوور بخرێنەوە، مژادە ڕژاوەكە بە خۆڵ یان لم دابپۆشریت... هتد، واچاكە مژادەكە بە ئاو یا شتی دیكە نە شۆردریت.

- **دڵنیابوون لە نەبوونی شوێنەواری مژادی قڕكەر لە پاش بەتاڵكردنی بارهەڵگرەكە**. لە كاتی هەبوونی شوێنەواری قڕكەر دەبێ پێش گەڕانەوەی بارهەگرەكە خاوێن بكرێتەوە.



- **وریابوون لە كاتی باركردن و داگرتنی كارتۆن و قوتووەكان**، چونكە زۆر جاران لە كاتی باكردن و گواستنەوە داگرتندا زیان بەر دەفری قڕكەرەكان دەكەوێ و مژادی ترسناك دەڕژێت، دەپڕژێت بڵاودەبێتەوە.





- **بە هێچ شێوەیەك نابێت ژەهرەكان لەناو قەمارە و بەشی پێشەوەی پیكاب و لۆری یەكان لەگەڵ لێخور و نەفەرەكان دابندرێن.**

- **باشتر وایە لە كەش و هەوای گونجاو دا بگوازرێتەوە، نەك لە قرچەی گەرما یا لە ڕۆژی بەفرو بەستەڵەكدا.**





- **پشكنینی راستەوخۆی مژادەكانی دەگەنە كۆگە**، گەڕان بـەدوای مـژادی دزەكردوو و زانیارییە بزربووەكـانی سـەر دەفرەكـان. كـاركردن بـۆ دووبـارە لـە قوتووكردنەوەیان لە كاتی پێویستدا. پێویستە نیشانە و زانیارییە لە ناوچووەكان نوێ بكرێنەوە، دەفری بەتاڵ بۆ ئەم مەبەستە ئامادەدەكرێت.

## قڕكەری ڕژاو:

هەندێ جار لە كاتی لە دەفرنانەوەی قڕكەرەكان و گواستنەوەیان بـۆ دەفـری دیكە برێك مژادی قڕكەر دەڕژێ. دەبـێ یەكسـەر جێگاكـە خـاوێن بكرێتـەوە. چارەسەر نەكردنی ئەم مژادە ڕژاوانە دەبنە هۆی لەناوچوون و زیان گەیانـدن بـە دەفر یا لە گەڵ پێی كرێكارەكاندا سنووری پیسبوونەكە فراوانتر دەبـێ، هـەڵمی ژەهراوی یان گڕگرتـوو درووسـت دەبـێ، یـان دزەدەكـات و بـەناو زەوی كۆگـەوە ڕۆدەچێت، بۆیە دەبێ زەوی كۆگە لـە مـژادی ڕەق درووسـت بكـرێ و ڕێگـە بـە تێپەربوونی هیچ مژادێك نەدات.

نابێ ئاو بۆ چارەسەركردنی مژادە ڕژاوەكان بەكار بهێندرێ، چونكە قڕكەرەكە زیاتر بلاۆدەبێتەوە. بۆیە هەمیشە چەند دەفرێكی پڕ لم، ئاردەدار، خۆڵ یـا گـەچ لەناو كۆگە دادەندرێت و لە كاتی پێویستدا لە لایەن كەسانی مەشق پێكـراوەوە بەكاری دەهێندرێت. دەبێ لەوكاتەی ئەم كارە دەكرێت جلی پارێزەر بكرێتە بـەر. ئاردەدار، خۆڵ یا لم بەسەر ئەو شوێنەی مژادەكەی پێداڕژاوە پەرت بكرێت، چەند خولەكێك لێی دەگەڕێن تاوەكو مژادە كیمیاییەكـە بمـژێت، پاشـان بەمەبەستی

لەناوبردنیان کۆ دەکرێتەوەو فرێی دەدرێتە ناو بەرمیلێك. پاشماوەکان چەند جارێـك بـە تـەواوی بـە گسـکی زبـر دەماڵـدرێت. بـۆ لابردنـی مـژادە ڕژاوەکـان جـۆرە پاککەرەوەیەکی بەهێز و ئاو بەکاردێت و بۆ لابردنی پاشماوەی ئاو و پاککەرەوەکەش فلچەی کوتاڵ بەکاردێت.





## قرکەری دزەکردوو:

مژادی قڕکەرەکان لە کۆگە و لە ناو دەفرەکانیاندا، یان لەکاتی گواستنەوەیاندا دەڕژێن و دزەدەکەن. سەختترین گرفت کە لەبواری کـارکردن لەگـەڵ قڕکەرەکانـدا ڕووبەڕووی کرێکاران دەبێتەوە ڕوودانی دزەکردنە، دزەکـردن بـە چـەند هۆیەکـەوە ڕوودەدات:

گواستنەوەی دەفرەکان بە نادروستی دەبێتە هۆی قلیشان و دڕان و کونبوونی دەفرەکان لە شوێنی جەمسەری پێکەوەلکان یا ئاوسانی سەر و دیواری دەفـر و ژێری و سەرەدەفرەکانیان، هەندێ هۆکاری دیکە هەن وەك زیـانی میکـانیکی و ڕوودانی کونبوون لەکاتی بـارکردن و گواسـتنەوە و لـە گـەڵ بەریـەك کـەوتنی دەفرەکان بەدیواری بارهەڵگرەکە، لەکاتی ڕۆیشـتن بـە ڕێگـای کەندوکۆسـپ و

**ناڕێکدا. دزەکردن لە ئـەنجامی داخـورانی دەفرەکـانیش ڕوودەدات، ئەگـەر زیـانی میکانیکی بەرکەوێت ئەوا کاریگەری زیاتر دەبێ. داخوران لـە نـاوەوە یـا بـەهۆی خودی مژادە قڕکەرەکەوە یا بـەهۆی ئـەو مژادانـەی لـە دەرئـەنجامی تێکشـکانی قڕکەرەکە بەرهەم هاتووە ڕووئەدات. داخورانی دەرەوە لە ئەنجامی ژەنگ هێنان بـە هۆی بارودۆخی شێداری کۆگە یان بەهۆی پیسبوون بە قڕکەری دزەکردوو ڕوودەدات. چەندین جۆر لەو گـیراوە خەسـتەکانی دەبنـە شـیراو (EC) هۆکـارن بـۆ داخـوران هەندێکیان قەدەغەیە لە قوتووی پۆلایین هەڵبگیرێن وەکو:**

**فۆسـفامیدیۆن و دایکرۆتۆفـۆس و مۆنۆکرۆتۆفـۆس (Monocrotophos و Dicrotophos و .Phosphamidon) هـەر بۆیـە دەبـێ بکرێنـە نـاو دەفـری پلاستیکی یا فافۆن یا قوتووی پـۆلاێنی ناوپۆشـکراو بـە مـژادێك کـە ببێتـە بەربەست لەنێوان قوتووەکە و مژادە قڕکەرەکە. هەندێ قڕکـەریش لـە توێنـەرە ئەندامییەکان دەتوێندرێنەوە ناکرێت لـەناو دەفـری پلاسـتیکیدا هـەڵبگیرێت، (چونکە کارلەیەکدی دەکەن. لـە ئـەنجامی بەرکـەوتنی تیشـکی خـۆری بـەتین دزەکردنی قڕکـەرەکان ڕوودەدات. کەمۆڵـە پلاسـتیکییەکان و توورەگـەکان لـە کولك دەخات. کرتێنەرەکان دەبنـە هـۆی زیـان گەیانـدن بـە دەفـری کاغـەز و کارتۆنیی. مۆرانە هێرش دەکاتە سەر کارتۆن و کاغەز و سندوقە دارەکان. بۆیـە دەبێ لانی کەم هەر دوو مانگ جارێك گشت دەفر و کەلوپەلەکانی ناو کۆگـە بەشێوەیەکی ڕێك و پێك بپشکندرێن. ئاسان نییـە کـە بەرمیلـە کـۆن و زیـان بەرکەوتووەکان بەسەلامەتی بجولێندرێن، لەبەرئەوە بە شێوەیەکی کاتی مامەڵە**

لەگەڵ هەر دزەکردنێك دەکرێت. لە میانی پشکنینەوە دەکرێت دەستنیشانی خێرای ڕوودانی گیروگرفتەکانی ناو کۆگەکان بکرێت. تاکە ڕێگای مامەڵەکردن لە گەڵ هەر دزەکردنێك، بریتییە لە دووبارە لەقوتوونانەوەی مژادەکە بۆ ناو قوتوویەکی تازە و باش، واچاکە لە هەمان قوتووی مژادەکەی پێشوو بێ، پاشان بەباشی پیسبوونەکە لابردرێت. دەبێ نیشانەو زانیاری پێویست لەسەر دەفرەتازەکان دابندرێتەوەو بەرواری دووبارە لە قوتوونانەوەشییان تۆمار بکرێت.

## خاوێنکردنەوەو لابردنی پیسبوون بە ژەهرەکان:

خۆ پاراستن باشترە لی چارەسەری. قڕکەرەکان مژادی کاریگەرن، لە ڕووی زیندەگییەوە مەترسی گەورە بۆ گیانی مرۆڤ و ژینگە دەنێنەوە. بۆیە ئەستەمە بە تەواوەتی پیسبوونی مژادە قڕکەرەکان لابردرێت. یەکێك لە ئامانجە گرنگەکانی بەرێوەبردنی باش، کەمکردنەوە ڕوودانی دزەکردن و ڕژانی قڕکەرەکانە سەرەڕای ئاگاداری بەسەرچوونیان.









وێنەی بەکارهێنانی بکوژی کیمیایی








وێنەی بەکارهێنانی بکوژی کیمیایی

## خاوێن کردەنوەی کۆگە و کەلو پەلەکانی:

لەکاتی مامەڵەکردن لەگەڵ ڕژان و دزەکردنی مژادە قڕکەرەکاندا، دەبێ بە پێی توانا ئاو و سابوون یا هەر پاککەرەوەیەکی دیکە بۆ لابردنی پیسبوونەکە بەکاربرێت، وێڕای ئەوەی کە هەندێك مژادی کیمیایی تایبەت هەن بۆ لابردنی پیسبوون بە قڕکەرەکان بەکاردێن. بەتایبەتی پێکهاتە فسفۆریی ئەندامییەکان، کە بە بەکارهێنانی مژادی هایپۆکلۆراتی سوٚدیوٚم (لێککەرەوە) و کاربۆناتی سوٚدیوٚم (سۆدای پاککەرەوە) چارە دەکرێن. ئەمە بۆ لابردنی پیسبوون زۆر سوود بەخشە، لە دوای بەکارهێنانیان، ئاو و سابوونیش بەکاردێتەوە.

وێڕای بەکارهێنانی ئاو و سابوون، ئەمۆنیا و سۆدای پاککەرەوە بۆ لابردن و خاوێنکردەنەوەی شوێنی پێکهاتە کلۆرییە ئەندامییەکان، بەکاردێن.

بۆ لابردنی پیسبوون بە پێکهاتەی کاربامیتییەکانیش، سۆدای پاککەرەوە و سابوونی بەهێز بەکاردێت.

لە کاتی پیسبوونی کەلوپەل، لە ترسی پیسبوونی مژادەکانی دیکە، پێویستە تابکرێ بە خێرایی بەهەمان ڕێگەکانی چارەسەری پیسبوونی پێشتر چارەسەر بکرێت. دواتر مژادەکانی پاککردنەوە کۆدەکرێنەوە، بە ئاردەدار یا لم یا خۆڵ دادەپۆشرێن، بۆ ئەوەی مژادەکان بمژن، ئینجا فڕێ دەدرێنە ناو بەرمیلی تایبەت و دەنێردرێنە بنکەی ناوەندییەوە.

## بارودۆخە سەرەکییە لەناکاوەکان:

**ئاگرکەوتنەوە:** لەکاتی دانانی دیزاینی کۆگەی قڕکەرە کیمیاییەکاندا، گرنگترین شت کە دەبێ رەچاوبکرێت، کەمکردنەوەی مەترسی ئاگرکەوتنەوەیە. قڕکەرە شلەکان بە هۆی توانەوەیان لە ناو توێنەرە ئەندامییەکان (زەیت و مژادە نەوتییەکاندا) کە پلەی گڕگرتنیان نزمە، مەترسی سەرەکی ئاگرکەوتنەوەن. چونکە لە پلەی گەرمی ئاساییدا دەبنە هەڵم. لەو کۆگەیانەی کە هەواگۆڕکێیان باش نییە. لە ئەنجامی جێهێشتنی دەفری قڕکەران بە سەر والآیی، یان لە ئەنجامی رژان، دزەکردنی مژادەکان (هەڵمە قورسەکان) و کەڵەکەبوونیان لە بەشی ژێرەوەی کۆگەدا. بە پەیدابوونی هەر پڕیشکێکی ئاگرینی کارەبایی یا هۆکاری دیکە، تەنانەت تیشکی بەهێزی خۆریش دەبێتە هۆی تەقینەوەی کەمۆڵە شوشەییەکان و ئاگرکەوتنەوەی بەدوادا دێت. هەندێك هاڕداراوەیش دەشێت گڕبگرن و ببنە هۆی ئاگرکەوتنەوە. لەکاتی ئاگرگرتنی مژادی کلۆریت سۆدیۆم ( بژارکوژێکە، وەکو مژادێکی وشککەرەوە و پاکژکەرەوەی خاکیش بەکاردێت) مژادێکی ئۆکسێنەری بەهێزە، بە ئاسانی گڕدەگرێت، بۆیە دەبێ لەکاتی ئامادەکردنیدا مژادی دژەگڕگرتنی لەگەڵدا لێکبدرێت.(لەکاتی کردنەوەی سەری دەفرەکەی دەبێت هەموو مژادەکەی ناوی بە یەکجار بەکار بێت و هیچی نەهێڵدرێتەوە)

گوترا کە پێویستە لە کۆگەکانی قڕکەرە کیمیاییەکاندا نیشانەی ئاگادارککەوتنەوە و گڕگرتن بەڕوونی و لە شوێنی بەرچاودا دابندرێ. چوونە ژوورەوە تەنیا بۆ کەسانی شارەزا و ڕێگە پێدراو بێت. هێمای قەدەغەکردنی

جگەرەکێشان،  بەکارهێنانی ئاگر دبندرێت. ناوبڕە لە نێوان بەشەکاندا هەبێت.

.پێویستە هەموو جۆرەکانی ئامێری ئاگرکوژندنەوە لـە کۆگـەدا بەردەسـت بـن.

وێڕای دانانی پەقرەج (ستڵ )ی پڕ لم، یا خۆڵ، بۆ کوژاندنەوەی ئاگری بچووك.

لەکاتی ئاگرکەوتنەوەدا پێویسـتە نەهێڵـدرێت قڕکـەرە دزەکردوەکـان گڕبگـرن، چونکە دەبنە هۆی تەقینەوەی بەرمیلەکانی دیکەی کۆگەکە.





وێنە ئاگرکوژاندنەوە بە شێوازی راست

## خۆپارێزی:

لەکاتی مامەڵەکردن لەگەڵ قڕکەرەکاندا، خواردن و خواردنەوە و جگەرەکێشـان بە هەموو جۆرێکینانەوە قەدەغەیە.

شۆردنی دەست و دەموچاو بەباشی پێش نان خواردن یـان جگەرەکێشـان. کردنـە بەری جلوبەرگی خاوێن لە دوای خۆ شۆرین بە ئاوی پاك و سابوون، رۆژانە کە دەسـت لە بەکاربردنی قڕکەرە کیمیاییەکان هەڵدەگیرێت. لـەکاتی گـەڕان لـەناو کۆگـەدا و گواستنەوەی قڕکەرەکان جلی پارێزەری تایبەت. بە جۆرێـك بکرێتەبـەر کـە هـەردوو دەست و هەردوو قاچەکان داپپوشێت. پووتینی لاستیکی درێـژ و کـڵاو و دەمامـك و چاویلکەو دەستەوانەوەی تایبەتی کە بەرگری لە مژادە کیمیاییەکان بکات، بەکاربێت.

## خۆپارێزی لە کاتی بەکارهێنانی ژەهرە کیمیایە ( بکوژی دەردە کشتوکاڵییە)کان



## خاوێنکردنەوەی جلوبەرگی کارکردن:

دەبێ ئەو جل و بەرگە پارێزەرانەی بە قڕکەرە کیمیاییەکان پیسبووین، بە بەکارهێنانی مژادەی پاککەرەوەی تایبەت چەندجارێك بە باشی بشۆردرێن و هەڵیگلۆفن، ئەگەر ئاوی گەرم بەکاربێت باشترە، ئینجا لەبەر تیشکی ڕۆژ جلەکان هەڵبخرێن. بەڵام باشترین ڕێگە بۆ لەناوبردنی ئەو جلوبەرگانەی یەك جار بەکاردێن سوتاندنیانە.

### لابردنی ژەهر لە سەر جەستەی کارمەندان و فریاکەوتنی کەسانی ژەهر کاری لێ کردوو :

**قڕکەرەکان لەمیانی پێستەوە دەچنە ناو جەستەوە: بۆ لابردنیان لەسەر لەش پێویستە:**

- بە خێرایی و بە ئاو و سابوونێکی زۆر بشۆدرێن.
- شۆردنی جێگا پیسبووەکە بە باشی، چەند جارێك بشۆردرێت.

لەکاتێکدا کە مژادی قڕکەر بەر کرێکار دەکەوێت، ئەوا دەبێ بە خێرایی لە

ژەهرەکە دوور بخرێتەوە و جلەکانی لەبەرداکەنن و جێگە بەرکەوتووەکە بە باشی بە ئاو و سابوون بشۆدرێت، دواتر بە پارچە کوتاڵێك وشکبکرێتەوە.

















ئەگەر کارمەندی پێکراو لە شوێنێکی داخراو وکەم هەوا گۆڕکێ بوو، ئەوا

دەبرێتە شوێنێك كە هەو گۆڕكێی باش بێت.







وێنەی هەنگاوەكانی فریاگوزاری سەرەتایی



وێنەی هەنگاوەکانی فریاگوزاری سەرەتایی

ئەگەر باری تەندروستی پێکراوەکە باش نەبوو، یا ژەهراوی بوونەکـەی زۆربـوو، ئـەوا دەیگەیننە لای دکتۆر ،یا دکتۆری بۆ دێنن، لە هەردوو باریشدا دەفری قرِکەرەکـەی کە بۆتە هۆی پێکان، دەخرێتە بەردەستی دکتۆرەکە، بۆ ئەوەی خێرا بتوانێت کـاری پێویست ئەنجام بدات.







وێنەی چارەسەری مرۆی بەر ژەهر کەوتوو لە لایەن پزیشکەوە



ئەگەر سەرمای بوو ئەوا بە

بەرماڵێک دادەپۆشرێت




## لەناوبردنی دەفری مژادە قڕكەرەكان:

چەندین ڕووداوی ترسناك بە هۆی دەفرە بەتاڵەكانی مژادە قڕكەرەكانەوە ڕوودەدات. (ئاو و خۆراكیان لە لایەن نەزان و كەمتەرخەمانەوە تێدەكرێ). چونكە بەهیچ شێوەیەك دەفرە بەتاڵەكان بە تەواوی لە مژادە ژەهرینییەكان خاوێن ناكرێتەوە. بۆیە دەبێ بە شێوەیەك لە ناو ببرێن كە بۆ مەبەستی دیكە بەكارنەهێندرێنەوە.

ئەو دەفرانەی گەرەكە لەناوببرێن، دەبێ لە جێگەی تایبەت و دوور لە مەترسی هەڵبگیرێن، بۆ ئەوەی دڵنیابین لەوەی كە كەسانی دیكە نەتوانن بیانبەن و بۆ مەبەستی دیكە بەكاریان بێننەوە. واچاكە بەر لە لەناوبردنیان خاوێن بكرێنەوە، بۆ

ئەوەی بەپێی توانا مەترسی پاشماوەی مژادە قڕکەرەکانیان کەمتر بکرێتەوە. دەفرەکـان بە گیراوەی ئاو و پاککەرەوەی سوّدەی کاویە بشۆردرێن، بەتایبەتی ئەگەر قڕکەرەکان لە جۆری هاڕادراوەی لە ئاودا تواوەبن، یا لەو گیراوە خەستانەبن کە دبنـە شـیراو. بـەلاّم دەکرێت دەفری ئامادەکراوی مژادە شلەکان بە بەکارهێنانی نەوت یا گازوایل خـاوێن بکرێنەوە، بۆ ئەوەی بنێدرێنەوە وێستگەی ناوەند و لە لایەن کارمەندی پسپۆڕەوە بـە سەلامەتی و بێ زیان گەیاندن بە ژینگە لەناوببرێن.

دەکرێت دەفرە کاغەز و کارتۆنییەکان بە سووتاندن لەناو ببرێن، بە مەرجێك کـە برێکی زۆر پاشماوەی قڕکەرە کیمایییەکانیانی لە سەرجێ نەمابێ. لە گەڵ ئەوشدا ئەو دەفرانەی کە بژارکوژەکانی کۆمەڵەی (ترشی فینۆکسـیك (Phenoxyacetic Acid یان تێدایە، واچاکە نەسووتێندرێن، چونکە ئەو مژادانەی لـە ئـەنجامی سـوتانەکەوە بەرهەمدێن تا مەودایەکی زۆر زیان بە ژینگە و ڕووەك و مرۆڤ دەگەیەنن.





سندووقە کارتۆنییەکان و توورەگە کاغەزییەکانی لە جوت درووست کراون، بەشێوەیەکی بێ ئەندازەش پیسبووین، دەبێ کۆبکرێنەوە و بنێردرێنەوە وێستگەی ناوەندی، بۆ لەناوبردنیان، مژادە ژەهراوییەکانی دیکە و دەفری بەتاڵی بەکارنەهێندراو و مژادە کۆکراوەکانی لە ئەنجامی لابردنی پیسییەکان و مژادە ڕژاوەکان و مژادە دزەکردووەکان و کۆکراوەی مژادەکانی پاشماوەی شۆردنی دەفرەکان و کەمۆڵە شوشەبیەکان دەشکێندرێن، دەفرە پۆلاین و پلاستیکەکانیش کون کون دەکرێن، ئینجا دەنێردرێنە وێستگەی ناوەندی.





وێنەی شووشتن و کونکردنی دەفری بکوژە کیمیاییەکان





وێنەی و کونکردن و خستنە ژێر خاکی دەفری بکوژە کیمیاییەکان

## لەناوبردنی قڕكەرە بەسەرچووەكان:

بەهۆی تەواوبوونی ماوەی چالاكی بەكارهێنانی قڕكەران (لەكاركەوتنیان)، یا تەواوبوونی مۆڵەتی بەكارهێنانیان، بۆ مەبەستی سەرەكی بەكارهێنانیان، پێویستە هەندێك جۆرە قڕكەر لەناوبرێن. ئەگەر هاتوو بڕەكە زۆر بوو، ئەوا دەبێ زانیاری و ڕێنمایی تەواو لە لایەنی بەرهەمهێنەوە، یا لە سەرچاوە ناوخۆییە پەیوەندی دارەكانەوە وەربگیرێت. بەڵام ئەگەر هاتوو بڕەكە چەند كیلۆگرامێك یان چەند لیترێك بوو، ئەوا دەبێ كۆبكرێتەوە و بۆ لەناوبردنیان بنێردرێنە وێستگەی ناوەندی. واچاكە بڕی زۆریان لەناو كوورەی تایبەتدا كە لە وێستگەی ناوەندیدا هەیە بسووتێندرین.





چەند ڕێگەیەکی کیمیایی دیکە بۆ لەناوبردنی قڕکەرەکان هەیە، وەکو: بەکارهێنانی ترش، یا تفتەکان بۆ تواندنەوەیان، کردارەکانی ئۆکسان و لێکردنەوە، پاشان شاردنەوەیان لە ژێر زەویدا، چونکە زۆرجار ئەو مژاددانەی لە ئەنجامی کارلێکەکانەوە درووست دەبن ژەهراوین، بۆیە نابێ بەڕیوەبەری کۆگەی قڕکەرە کیمیاییەکان لەلایەن خۆییەوە ئەم کارە بکات، بەڵکو دەبێ بۆ ئەم مەبەستە بیانێرینە لای لایەنی پەیوەندیدار.







## سەرچاوەکان:


1 - ئەبوبەکر، سەدرەدین نورەدین (٢٠٠٣) دەرد و نەخۆشییەکانی رووەك هەولێر.
رێکخراوی - (FAO)

٢ – د. حسين فاضل و باسم حسون حسن (٢٠٠٩) مخازن مبيدات الافات والسيطرة عليها.بغداد

٣- 1985. Guidelines for the packaging and storage of pesticides. Rome, FAO.

٤- GIFAP, 1988. Guidelines for safe warehousing of pesticides. (IGNBAM) Brussels, Int. Group of National Associ. of Aqrochem.

٥-Manufacturers. ILO. 1991. Safety and health in use of agrochemicals: a guide. Geneva.

٦- UKASTA, 1979. Agrochemicals storage handbook. London, United Kingdom Agricultural Supplies and Trade Association.

٧- UNEP. 1990. Storage of hazardous material: A technical guide for safe warehousing of hazardous materials. Technical Report Series No. f. Paris, Industry and Environment Office, United Nations Environment Programme.

٨- NRI. 1994. Training supplements, Pesticide Management Training Course. Chatham, UK, Pest Management Department, Natural Resources Institute